# هرانت دینک (Hrant Dink)
# {2007/1/19 ــ 1954/9/15 }
# له بەردەم دەرگای رۆژنامەکەی کوژرا

**فەهد گـردەوانی**




{{{ له تورکیا دەرگای دیموکراسی دەکریتەوە و دادەخریت. دادەخریت و دەکریتەوە. ئەوە باش نی یە، له کۆتایی دا دەرگاکه دەشکێ}}} .

هرانت دینک له بەرامبەر دەرگای دادگای تورکیا بۆ رۆژنامەنووسەکان وای گووت. ئەو کاتە پۆلیس بۆ ماڵەوەیان بردەوە و له چنگی خۆپیشاندەران رزگاریان کرد، ئەگەرنا هەر لەوێ ناشیونالیستە فاشیەکانی تورکیا هاواریان دەکرد {خائن} خۆفرۆش..{خائن} خۆفرۆش.دەیانکوشت.
هرانت دینک رۆژی 2007/1/19 له بەردەم دەرگای رۆژنامەی ئاگوس کە تاقە رۆژنامەیە بە زمانی ئەرمەنی دەردەچیت و هرانت دینک دامەزرێنەر و سەرنووسەریەتی ، کوژرا.
گوایە بکوژەکەی تەمەن 17[حەڤدە] ساڵانێکە ، لەبەردەم دەرگای رۆژنامەکەی دینک چاوەڕانی کردووە و سێ گوللەی لێداوە و دەمودەست گیانی هرانت دینک بووە بە خۆراکی ئەنتی ئازادی .
ئەو رۆژنامەنووسە ئەرمەنی یە بە ئاشکرا داوای دەکرد کە مێژووی تورکیا سەرنوێ بنووسرێتەوە و دان بە مافی ئەرمەن بنرێت . قەتلوعامی ئەرمەنییەکان بێتە باسکردن و لێدوانی لەسەر بکرێت . لەسەر ئەو بیروباوەڕانەی دەدرایە دادگا و خەڵکی کۆنەپەرست و فاشیست بە خائین لە قەڵەمیان دەدا. بە ئاشکرا پشتگیری هاورێی نووسەری {ئۆرهان پاموک}ی لە دژی دادگایی کردنی کرد .
له سەردەمی شەری جیهانی یەکەم کۆمەڵکوژی ئەرمەن لە لایەن تورکەکان رویدا. بەڵام تورکیا دان بەو تاوانە دانانێت. هەتا ئەمرۆکە ئەو باسە گەلێک جار هاتۆتە بەردەمی رای گشتی جیهان و ئەوروپییەکان بە توندی دژی تورکیان بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا ،هەتا دان بە تاوانەکانی نەنێت و ریز لە مافی مرۆڤایەتی نەگرێت . ئەو دەنگانە وورده وورده لەناو تورکیاش بەرز دەبێتەوە. ئێستاکە نووسەر {یەشار کەمال}ی بە نەژاد کوردیش باسی کورد لە تورکیا دەکات ، جاران بۆخۆی کوردبوونی خۆی ئاشکرا نەدەکرد.
تورکیا بۆ ئەوەی بچمی خۆی جوان بکات دەبێت دان بە مافی رەوای کورد و ئەرمەن و ئاسوری سوریانی و کەمەنەتەوەکانی تر دابنێت ،ئەگەرنا دەرگای ئەوروپای بۆ ناخرێتە سەر پشت .
ئاگام لێنیە {ئاگادار نیم} یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە دژی کوشتنی هرانت دینک هیچ بڵاوکراوەیان دەرکردووە یان لێدوانی رۆژنامەگەریان ئەنجام داوە یان نا. کورد دەبێ هەردەم دژی تێرۆر

و کپ کردنی دەنگی ئازادانە و بوێرانە دەنگی بەرز بکاتەوە ، چونکە ئێمە یەکێک لەو میللەتانەین هەردەم ڕێگامان لێگیرا بوو کە دەنگ هەڵببڕین و دان بە مێژووی خوێناویمان دانانێن .دەنگ بەرزکردنەوە و دژی ئەو کوشتنە ، هاوکاری یە بۆ گەشەکردنی ئازادی بیروڕا.

کوشتنی هرانت دینک جارەکی تر رووی ئەو شۆڤینی یە تورکیانەی رەشتر کرد کە هەردەم دژی مرۆڤایەتیین و دژی بوونی کورد و ئەرمەن وئاسوری و سریانی و..هتد لە تورکیای تازەدا.

**2007/1/21 ستۆکهۆلم**